# پەیام و تەکنیک لە شیعری (١٩٦٥/١١/١٨)ی (سەباح ڕەنجدەر)دا

**علی مصطفی نجم الدین**

مامۆستا لە بەشی کوردی/ کۆلیژی پەروەردە/ شەقلاوە
ali.najmaddin@su.edu.kr

**پوختە:**
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (پەیام و تەکنیک لە شیعری (١٩٦٥/١١/١٨)ی (سەباح ڕەنجدەر)دا)یە، لەم دەقە شیعرییەدا پەیام جەوهەرێکی ڕەهەندی هەیە لەنێو بابەتە جیاوازەکانی وەک کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی...، بۆیە هەوڵ دراوە بە شێوەیەکی زانستییانە مەبەستە شیعرییەکە وەک پەیام بخەینە ڕوو، لە کارکردن لە تەکنیکی شیعرەکەدا، ئیشکردنە لەسەر هەندێک لایەنی تەکنیکی و وێنەی ڕوونبێژی و شیکردنەوە دەقەکان، ئەم توێژینەوەیە مەغزایەکی فراوانی هەیە، لەکارکردنمان لەنێو دەقە شیعرییەکەدا بە چەند دەرەنجامێک گەیشتووین، بۆ نموونە: بیرکردنەوەی شاعیر وەک کارەکتەرێک هەڵکشان و داکشانێکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، هەموو ئەم هەڵکشان و داکشانەی نووسەر دەکەوێتە نێو باری دەروونییەوە، کە دواجار لە ڕەهەندێکی جیاوازدا بیرەکە پێشکەش دەکاتەوە، وەک دەبینین شاعیر لەنیوان دوو چەمکی واتایی مردن و ژیاندا، داخوازی دەکەوێتە سەر مردن، ئەمە لەکاتێکدا، کە نووسەر لە دۆخێکی دەروونی ناجێگیردا بێت، دواتر باس لە ژیان دەکات، باسی گرنگی و جوانییەکانی ژیان دەکات، پێی وایە ژیان بایی ئەوەی تێدا ماوە کە مرۆڤ تییدا هەوڵی باشتر و جوانتر بدات، ئەم دەربڕین و گوارشتکردنە لە دۆخێکی دەروون سەقامگیر و دامەزراودا دەردەبڕێت، ئەمە پرسی هۆشیاری و گرنگیدانە بە ژیان.

کلیلەوشە: شیعر، پەیام، تەکنیک، ئیستاتیکا، وێنە.

پێشەکی:

(١٩٦٥/١١/١٨) ناونیشانی دەقێکی سەباح ڕەنجدەرە، ئەم شیعرە ئاستێکی بەرزی هەیە لەڕووی پەیام و هونەری شیعرییەوە، ئەمە هەوڵێکی زانستییە و کارکراوە لەسەر پەیامی شیعری و لایەنی تەکنیکی شیعرەکە. بۆیە هەوڵ دراوە بە پشت بەستن بە سەرچاوەکان بە شێوەیەکی زانستییانە لە دەقە شیعرییەکە بکۆڵدرێتەوە.

ناونیشانی دەق:

١٩٦٥/١١/١٨ ئەمە ناونیشانی دەقێکی شاعیرە، ئەم ناونیشانە ئاماژەیە بۆ ڕۆژ و مانگ و ساڵی لە دایک بوونی شاعیر، لەم دەقەدا، کە باس لە ژیان و ئەزموونی خۆی دەکات، باس لە هەندێک ڕووداو و باری کۆمەڵایەتی جیاواز دەکات، کە لەماوەی تەمەن و ژیانی ئەودا ڕوویان داوە.

هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هەڵبژاردنی ئەم دەقە شیعرییە، دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی بەرزی دەقەکە و دەرکەوتنی پەیام و ڕەهەندی فیکری جیاواز لەنێو دەقەکەدا، لەگەڵ ئەمانەشدا بەشێوەیەکی هونەری بەرز نووسراوە و زۆربەی لایەنە تەکنیکییەکانی ناوەوەی دەقی لەخۆ گرتووە، هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی کاریگەریی دەقەکە لەنێوان کەناڵی دەق و خوێنەردا دەربکەوێت.

مێتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە وەک پرۆسەیەکی ئەکادیمی و بەدواداچوون بۆ لایەنی تەکنیکی و ڕەهەندی فیکری، پشتمان بەستووە بە مێتۆدی وەسفیی شیکاری، چونکە ئەم مێتۆدە یارمەتیدەرمان دەبێت لە خستنەڕوو و خوێندنەوەیەکی شیکارییانەی لایەنی تەکنیکی دەق و جەوهەری ژینگە مەعریفییەکان.

پرسیار و گریمانەی توێژینەوەکە:

پێمان باشە لەباتی وشەی گرفت، وشەی پرسیار بەکار بهێنین، چونکە هەر توێژینەوەیەک هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێک، کە پێویستە توێژەر بە دوای وەڵامدانەوەیدا بگەڕێ. پرسیاری ئەم توێژینەوەیەش ئەوەیە: تا چەند شاعیر لە سنووری توێژینەوەکەماندا سەرکەوتووانە توانیویەتی مەغزای پەیامەکان و لایەنی تەکنیکی و مەعریفی لەنێو ڕەهەندە جیاوازەکاندا بەرجەستە بکات و ئامانجەکە بەدەستەوە بدات.

پلانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە چەند تەوەرێک پێکهاتووە، لەتەوەری یەکەمدا: ناوەڕۆکی پەیامەکان لە شیعری ١٩٦٥\١١\١٨ خراونەتە ڕوو، کە چەند ڕەهەندێکی جیاوازی لەخۆ گرتووە، لەتەوەری دووەمدا: پەیامەکان لە ڕووی بەرژەوەندییەوە خراوەتەڕوو، لەتەوەری سێیەمدا: جوانی هونەری لە شیعری (١٩٦٥\١١\١٨)دا خراونەتە ڕوو، کە باس لە چەند لایەنێکی تەکنیکی کراوە، لە کۆتاییی توێژینەوەکەدا ئەنجامەکان و سەرجەم ئەو سەرچاوانەی پشتمان پێ بەستوون، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

تەوەری یەکەم

١-١ ناوەڕۆکی پەیامەکان لە شیعری ١٩٦٥\١١\١٨:

کاتێک باسی پەیامی دەق دەکرێت، هەموو ئەو ڕەهەندانە لەخۆ دەگرێت، کە پەیوەندییان بە ژیان و ئەزموونی مرۆڤایەتی و باری کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە هەیە، چونکە دەق مەغزایەکی فراوانە و لە سۆنگەی خەیاڵکردن و بینینە دوورمەوداکانی نووسەر دەق بە کەرستەی جوان و بەهای ئەقڵ و هۆشیاری مەعریفی بار دەبێت، ئەمەش پرۆسەیەکی ئەزموونییە لە ژیانی کۆمەڵگاکاندا، کە بەشێوەیەکی جیاواز و سیاقێکی جیاواز پرسە کۆمەڵایەتی و مەعریفییەکان پەیام هەڵدەگرن، بۆیە ئێمە هەوڵمانداوە لە ڕێگەی باسکردنمان لە ڕەهەندەکانی وەک: عیرفانی و ئاماژەی ئایینی و واقیعی... مەبەست و پەیامی دەقەکە بخەینە ڕوو.

لەپاڵ ئەو پەیامانەی لەشێوەی ڕەهەندی جیاواز لە دەقەکەدا دەرکەوتوون هەوڵمان داوە هەندێک لایەنی تەکنیکی وەک: مۆسیقا، دژیەک، ڕەگەزدۆزی، وێنەیڕوونبێژی.. لەتەوەری سێیەمدا بخەینە ڕوو، ئەم لایەنە تەکنیکییانەش هۆکارێکن بۆ ئەوەی ئاستی دقەکە بەشێوەیەکی هونەرییانە پیشان بدرێت.

١-٢ عیرفانی:

ئەم زانستە وەک تەوەرەیەکی بەهێز لە ڕۆژهەڵات

تـاوی سـەندبوو، سـەروکاری لەگـەڵ جازیبـەی ڕۆح و دیاردەکانـی نـاوەوەی مـرۆڤ بـوو. ئەدەبـی عیرفانـی بـرەوی خـۆی سـەندبوو، هیـچ کات وەک فەلسـەفە نەبـوو بـۆ ڕەتکردنـەوەی پرسـیار، تەنانـەت بـێ وەڵام هێشـتنەوەی پرسـیارەکان، وەک ئایینیـش نەبـوو، کـە لەسـەر بنەمـای عەقـڵ، وەڵامـی پرسـیارەکانی دەدایـەوە، «عیرفـان ئـازاد بوونـە لـە پرسـیار و لـە عەقـڵ، بەڵکـوو سـەروکاری لەگـەڵ ڕۆح هەیـە، عیرفـان عەقـڵ و فەلسـەفە و شـەریعەت ڕەت ناکاتـەوە.» (لەتیـف،٢٠٢٠، پیگـەی ئەلکترۆنـی)، ڕۆح کانـگای ئیشراقییەتـە، عیرفانییـوون لەگـەڵ ئـەو چەمکانـە یـەک دەگرێتـەوە، کـە لەگـەڵ ڕۆح ئاشـنایەتی دروسـت دەکـەن، بـە واتایەکـی تـر، دەتوانیـن بڵێیـن پێچەوانـەی هەمـوو ئـەو شـتانەیە، کـە ئاییـن وەڵامیـان دەداتـەوە و فەلسـەفە دژیـان دەوەسـتێت. لـە ئەدەبـی کوردیـدا ئەدەبـی عیرفانـی و ئایینـی ڕەت دەکرایـەوە، بەنـاوی بوونـی فەلسـەفەیەکی بەهێـز لەکاتێکـدا «ڕەتکردنـەوەی هەریـەک لـە ئاییـن و عیرفـان لـە نـاو ڕۆشـنبیری کوردیـدا بەرهەمـی بیرکردنەوەیەکـی فەلسـەفی نییـە، ئەوەنـدەی بەرهەمـی زاڵبوونـی شـەپۆلی مارکسـیزمی حزبـی بـوو.» (لەتیـف،٢٠٢٠، پێگـەی ئەلکترۆنـی)، پشـتکردن لـە ئەدەبـی عیرفانـی و ئایینـی بـە مانـای نوێبوونـەوە و گۆڕانـکاری نییـە، بەڵکـوو گواسـتنەوەی ئایدۆلۆژیایەکـە بەنـاوی سـواو دەگەیەنرێتە کەلتـوور و ڕۆشـنبیری کوردییـەوە، عیرفـان ئەحمـەد دەڵێـت: «شـیعر ناتوانێـت دەسـت لەملانـی هەمـوو ڕووداو و دیاردەیـەک بێـت، لـەو جـۆرە شـوێنانەی، کـە ژینگـەی ڕۆح پیـس دەبێـت.» (عەلـی،٢٠٢٠، پێگـەی ئەلکترۆنـی)، شـیعر پاکیزەییـە، دەبـێ بـە وێنـە و خەیاڵـی جـوان، پەیـام لەنێـو دەقـدا جێبکەینـەوە، چونکـە دەق چەقـی تەقینـەوەی پەیامـە بـۆ خوێنـەر، پەیامـە عیرفانییەکانیـش دەبێـت ڕۆح ئاسـوودە بکـەن. شـاعیر دەڵێـت:

سالەکان ماندوون و گۆرانی نیوە گوتراون

دیوانەکەم لەلایەک دادەنێم و داوا لە خودا دەکەم

ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکات

لە ڕۆژی لە دایکبوونم کۆچ و باربم

دارەبـازەی بۆنخۆشیشـیم بـەرز بێتـەوە نـاو ڕووناکییەکـی بەهێـز   (ڕەنجـدەر،٢٠٢٠،ل٣)

شـاعیر لـە تەمەنـی خـۆی دەڕوانێـت، پێـی وایـە تەمەنـی کەوتۆتـە گلـۆرەی لێـژی، دەقەکـە بـە وەسـف دەسـت پـێ دەکات و لـە کانـی عیرفانیـدا بڵـق دەداتـەوە، شـاعیر پێـی وایـە زۆر شـت مـاوە بیانڵێـت، بـەڵام بەهـۆی ماندووبـوون و نزیکبوونـەوە لـە سـەرەتاکانی کۆتایـی، دەچێتـە خەڵـوەی دنیابینییەکـی بێبەرژەوەنـدی. داوا لـە خـوا دەکات چاکەیەکـی لەگـەڵ بـکات. لەبـەردەم ئـەم گوزارشـتە شـیعرییەدا، دەپرسـین، ئایـا خـوا کاری خـراپ دەکات؟ ئەمـە پرسـیارێکی جەوهەرییـە دەبـێ بکرێـت، چونکـە لـە واقیعـی بوونـی خـودادا خراپـە نییـە، ئـەدی شـاعیر بـۆ بـەم زمانـە گەمـەی شـیعر کۆتایـی دێنێـت. ئەمـە دەسـتەواژەیەکی عەقلییـش نییـە، لـە ڕووی فەلسەفیشـەوە وەڵام نادرێتـەوە. تەنهـا عاریفەکانـن دەیانەوێـت لـەم گۆشـەیەوە بگەنـە ڕووناکـی خـودا، پێیـان وایـە بەبـێ هیـچ پابەندبوونێکـی ئەرکـی و جێبەجێکردنـی ئەرکـە جێگیـرەکان، لـە ڕێگـەی پاکـی خۆیانـەوە بگەنـە ڕووناکـی، دەیەوێـت ڕۆژی مردنیشـی هەمـان ڕۆژی لەدایـک بوونـی بێـت، دارەبازەکـەی ئەوەنـدە بـەرز بکرێتـەوە، بکەوێتـە نـاو ڕووناکـی، ڕووناکـی مەبەسـتێکی عیرفانییـە و مەبەسـت نزیکبوونەوەیـە لـە خـودا.

ئەمـە پەیامێکـی عاریفانەیـە و ئاشـنایەتییەکە بـۆ سـاکینی ڕۆح و ئارامـی دەروون. زۆرجـاری واش هەیـە ئـەم گوزارشـتانە لـە ئایینـدا ڕێگـە پێـدراو نیـن، بۆیـە کـەم وایـە بـەم جـۆرە زمانـە تەناسـوب دروسـت ببێـت.

١-٣ ئاماژەی ئایینی:

تـازە نییـە شـاعیرانی کـورد بـۆ نووسـینی دەقـی ئەدەبـی، ئاییـن و ئامـاژە ئایینییـەکان وەک سـەرچاوەیەکی شـیعری بـەکار دەهێنـن، شـاعیرانی کـۆن بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا و دیـار ئایەتەکانـی قورئانـی پیـرۆز و فەرموودەکانـی پێغەمبـەر، لەنێـو دەقەکانیانـدا بـەکار هێنـاوە، بـەڵام وەک ئامـاژە و لەژێـر دروشـمی نهێنیـدا، کـە بـۆ ئاییـن و سـەرچاوە ئایینییـەکان گەڕابنـەوە لـە حەمـدی شـاعیرەوە دەسـت پـێ دەکات «حەمـدی بـە چەنـد ڕێگەیەکـی جیـاواز سـوودی لـە سـەرچاوە ئایینییـەکان وەرگرتـووە، هەنـدێ لـەو ڕێگایانـەی، کـە بـۆی چـووە پێـش حەمـدی لای هیـچ شـاعیرێکیتر بـاس نەکـراوە.» (کەریم،٢٠١٢، ١٧١). لـە ئەدەبـی نوێشـدا بـە شـێوەی هێمـا و

بیرە ئایینییەکان سوود لە ئایین وەرگیراوە، کە مەبەست و پەیامی تێدا جێگیر کراوە، ئەمەش کاریگەری زمان بەهێز دەکات، کاتێک بیرە ئایینییەکان دەخرێنە ژێر دەربڕینی هێما و ئاماژەوە «زۆر لەو بەسەرهاتانەی، کە لە کتێبە پیرۆزەکاندا هەن، یان ئەو وێنە هونەرییانەی، کە لە دووتوێی ئەو کتێبانەدا هەن دەبن بە سەرچاوەیەکی هونەری» (اطیمش،١٩٨٢، ٢٣٠) دەق هەڵگری پەیامە، بۆیە دەبێت بە بیری پاک و جوان ئاراستە بکرێت، بۆ ئەوەی دەقێکی زیندوو بگاتە خوێنەر، کاریگەری جوان و دروست بخاتە سەر هەست و بیرکردنەوەکانی خوێنەر، کاتێک تاکی هۆشیار جوان بخوێنێتەوە و بگەینێت، هەڵبەتە کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و تەندروستیش بینا دەبێت. شاعیر دەڵێت:

ئەفسوونێک خەملێوە و میوەکان کۆ دەکەمەوە

لاباڵێکی مێش لە خۆشاویان نقووم دەکەم

دەستم بە سینگەوە گرت و هەڵمبڕی و هەڵمدا

(ڕەنجدەر،٢٠٢٠،ل٣)

ئەمەیان ئاماژەیە بۆ فەرموودەیەکی پێغەمبەر، کە باس لە خێر و شەڕی بن هەردوو لا باڵی مێش دەکات، «إذا وقع الذباب في شراب أحدكم فليغمسه - كله - ثم لينزعه، فإن في أحد جناحيه داء وفي الآخر شفاء.» (حسن،٢٠٢٠، ٢)، شاعیر وەک بیرێکی ئایینی ئەم دەقەی هەڵچنیوە، واتە پەنای بردۆتە بەر بیرێکی ئایینی بۆ گەیاندنی پەیامی شیعری خۆی، پەیامە شیعرییەکەی ئەوەیە پێمان بڵێت، کە دەرفەتێکی بۆ هاتۆتە پێشەوە، هەرچی بەرهەم و ڕەنجی هەیەتی، کۆیان بکاتەوە و خێر و شەڕیان تێدا هاوسەنگ بکات، بەڵام شاعیر بە ئومێدی خێر و خۆشی دەیەوێت باڵی مێش نوقمی کارەکانی خۆی بکات، دەست بە سینگ ستایش و سوپاسگوزاری خودا بێت، واتە ئەم وێنە شیعرییەی لەسەر هونەری خوازە بنیاتنراوە، کە قەرینەکەی پەیامی خێرە.

٤-١ واقیعی:

ژیان بۆ مرۆڤایەتی، بڵێسەیەکی جوانە، کە تێیدا بۆ هەر تاکێک بە هاوبەشی و شکۆوە پرشنگ بدات، بەمەش ئاسۆی ژیان بۆ کۆمەڵگە لەنگ نابێت، بەلام کاتێک واقیعی ژیان بە جۆرێکی تر وەردەچەرخێت و هاوسەنگی لە تەواوی کایەکانی مرۆڤایەتی تووشی گرفت دەبێتەوە، ئەوا بیروباوەڕی مرۆڤایەتیش دەکەوێتە ژێر دروشم و لێکدانەوەی جیاوازەوە. شاعیران هەستیارترین توێژن، کە بە زمانێکی ئەدەبی تانە دەگرنە ناهاوسەنگی و لاتەریکبوونی دادوەری، ئەوان ڕوونتر بە زمانی ئەدەبییان، واقیعی ڕووداوەکان دەگوازنەوە نێو دەقەکانیان و دەبن بە پەیام گەیەنەرێکی کاریگەر، چونکە ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ئەدەبەکەیانەوە کاریگەری دەخەنە سەر خوێنەر، «ئەدەب شتێکی هەمە لایەنەیە و زمانحاڵی مرۆڤە و ڕۆچۆتە نێو هەموو باسەکان و ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆیەتی، چونکە ئەدەب ڕووداوی واقیعییانە لەخۆ دەگرێت.» (عیسا،٢٠٠٩، ٥٩) شیعر هەڵگری پەیامی دەرەوەیە، بۆیە دەبێت لە ژێر ئەگریجەی هەستێکی جوان دووبارە بگەیەنرێتەوە خوێنەر، بۆ ئەوەی خوێنەرێکی کاراو کاریگەر بۆ ڕووماڵی تەواوی بوارە جوداکانی ژیان پەروەردە بکرێت، بیری خراپ کۆمەڵگەیەکی دارماو و گۆشەگیر دروست دەکات، شاعیر دەڵێت:

هەواڵی بای جەنگی ناو چیاکانم پرسی

بۆنی پیس و ناقۆڵای لوولەی تفەنگم بۆهات

خۆشی لە خۆم

ڕازی کەروێشکێکم نەشکاندووە

مێشێکیشم لەکەدار نەکردووە (ڕەنجدەر،٢٠٢٠،ل٤)

ئەمە درکاندنی پەیامێکی واقیعییە، مێژووی براکوژی، ئەو پەڵە تاریکانەی لە مێژووی سیاسی کورددا بوونە واقیعێکی تاڵ، شاعیر لە ڕێگەی دەقەوە ئەم پەیامە واقیعییە دەگەینێتە خوێنەرانی، ئەمەش پەیامێکی مێژوویی دروستە، چونکە دەبێ نەوەی داهاتوومان لە مێژووی خراپی براکوژی ئاگادار بن، شاعیر لەپاڵ ئەم هەواڵەدا پاکیزەیی خۆی نیشان دەدات، کە دەستی نەچۆتە ئازاردانی هیچ زیندەڕوحێک. ئامۆژگارییەکیشە بۆ نەوەکانی داهاتوومان، کە دەتوانین لە هیچ خراپەیەک و نەگریسییەکی نیشتمانی بەشدار نەبین، بەڵکە هەر بە پاکیزەیی بمێنینەوە.

١-٥ فەلسەفی:

وێنـەی فەلسـەفی بیرێکـی قووڵـە دەکەوێتـە پانتاییـی دەربڕینـە ورد و چڕەکانـی دنیابینیـی شـاعیرەوە. «خستنەڕووی پرسـیار و گرفتـە گشـتی و سـەردەمییەکانی ژیانـە.» (حسـێن،٢٠٠٨، ٣٧٦)، لـە پرۆسـەی کاری فەلسـەفیدا مـرۆڤ دەبێـت خـۆی پـاک بکاتـەوە لـە هەمـوو ئـەو خەوشـییانەی کـە دەیگەیێنێتـە کەنارێکـی نائـارام و جەنجـاڵ، لـە سـۆنگەی پاکبوونـەوەی مرۆڤـدا، ڕۆح بـەر تەوژمـی پرسـیار دەکەوێـت، واتـە لەنێـوان ڕۆح و ماتریالـدا، حیکمـەت لـە تیشـکۆی هۆشـەوە دەردەچێـت و گـەردوون ڕوونـاک دەکاتـەوە، شـاعیر دەڵێـت:

نوێژی ئەستێران چاوەکانی خەڵک تاریکن
تاریکایی جیهانیشم لە پێشە
پێویستە من ئارام بم
شیعر ئەندازەی ئازارەکانی زەوی و بیرەوەری شوێنپێکان
کردوومت بە خوێنی پشتی خۆت
لـە گۆڕسـتانی شـادمانی ئاوێتـەی خاکـم کـە (ڕەنجدەر، ٢٠٢٠، ل ٥)

ئـەم کۆپلەیـە لـە ڕێگـەی تاریکییـەوە دەلالـەت دەخاتـە سـەر ناخۆشـی و ئـازارەکان، شـاعیر پێـی وایـە ئـەم جیهانـە هێشـتان کێشـەی زۆری تێـدا مـاوە، دەبێـت بـۆ چارەسـەرکردنییان ئـارام بگرێـت، بـەڵام پرسیار ئەوەیـە، ئایـا شـاعیر دەتوانێـت وەک کاریگەرێکـی سیاسـی و ئیـداری هەڵسـێت بـە چارەسـەکردنی کێشـەکان، هەڵبەتـە شـاعیر جگـە لـە دیاریکردنـی پنتەکانـی ئـازار و کێشـەکان، ناتوانێـت هیچیتـر بـکات، بـەڵام پەیامێکـی پێیـە، ئـەو پەیامـە فەلسـەفییەی لەنێـو چەنـد دێڕێکـی کورتـدا چڕکردۆتـەوە. چونکـە لەوەتـەی شـیعر لەگـەڵ شـاعیر دەژیـت، ئەوەنـدەی ئـازار و مەینەتییەکانـی زەوی خەمـی بـۆی هەیـە، بۆیـە لـە دواجاریـدا ڕاکـردن دەسـت پـێ دەکات، بـەڵام ڕاکردنێکـی ئـارام، دەیەوێـت لـە مردنیشـیدا ئـارام بێـت، وەک چـۆن لـە نـاو ئـازار و دەقەکانیـدا بـە ئارامـی هاتـووە، ئـاواش دەیەوێـت مردنەکـەی فەلسـەفەیەکی ئـارام بێـت.

شـاعیر لـە ڕێگـەی دەقـەوە هـەوڵ دەدات بـە مرۆڤایەتـی بڵێـت، ڕۆح پاکترینـی بەشـەکانی جەسـتەی مرۆڤـە، کـە خـۆی دەپاڵێوێـت لـە خراپـەکاری و جیهانـی مـاددی، چونکـە لـە دەقەکـەدا ئامـاژەی خسـتووەتە سـەر نوێـژ، نوێـژ ئاشـنایەتیی ڕۆحـە لەگـەڵ خـودا، لەگـەڵ پـاک و دروسـتی، ڕێگایـەک بـۆ جیاوازیـی مـرۆڤ لەنێـوان ئەقـڵ و ماددەگەراییـدا. کەواتـە مـاددە مـرۆڤ بـۆ سەرسـەختی و جیهانـی بەرژەوەنـدی ئاراسـتە دەکات و کۆمەڵگەیەکـی تونـدڕەو و هەڵپەرسـت دروسـت دەکات، بـەڵام ئەقـڵ و ڕۆح مرۆڤـی بێگـەرد و ئـارام دروسـت دەکات.

١-٦ نۆستالژیا:

ڕووی زەوی مەیدانـی تاقیکردنـەوەی بابەتـە فیکـری و ژیارییەکانـە، لەکەنـاری هەمـوو بیرکردنـەوە ژیـاری و فیکرییـەکان هێـزی خێـر و شـەڕ دروسـت دەبێـت، لـەم سۆنگەیەشـەوە بەرەکانی ململانێـی فیکـری و شارسـتانییەتەکان پـەرە دەسـێنێت، ئەمـەش دەبێتـە بـار بەسـەر دەروون و بیرکردنەوەکانـی مرۆڤـەوە، بۆیـە دونیـای ڕابـردوو پـڕ دەبێـت لەبیـرەوەری و ڕووداو، ئەمـڕۆش لـە دووری ڕابـردووەوە گەمـەی سەرکێشـییەکانی ژیـان دەکرێـت، هەمـوو ڕابردوویـەک بـە گوێـرەی قەبـارە و تێڕامانـی مرۆڤـەکان دەبێتـە نۆسـتالژیا، نۆسـتالژیاش لەسـەر بنەمـای چەنـد جـۆر و شـێوازێک بینـا دەکرێـت کـە گرنگترینیـان لـەم چەنـد خاڵـەدا دیـاری دەکەیـن:

مردنـی ئازیزێـک، کـە ببێتـە مایـەی ئـازاری بـەردەوام و لاوانـەوەی زۆر.

کـۆچ، کۆچکـردن بـۆ شـوێنێک، ئارەزوومەندانـە بێـت، یـان بـە ناچـاری بێـت.

بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی.

«چێـژە ئەفسـانەییەکان، کاریگـەر بـوون بـە ژیـان و پاڵـەوان و ڕووداوەکان و کەرەسـتەکانی نـاو ئەفسـانە.» (عەبدوڵـلا،٢٠١٦، ٦٦).

خـەم و ئازارەکانـی بەتەمـەن داچـوون (پیـری) و بیرکردنـەوە لـە مـردن.

شاعیر دەڵێت:

لە ناو گەرمەی خەونێکدا ئەو ڕازەم دەستنیشانکرد
گۆڕستانی شادمانییم لە گوندەکەمە
ڕووخسارە لە یادکراوەکان و باڵندە تێیدا بەخەبەر دێن
دار قەڵەمتۆزەکان تەواو دەنگی منن

وەک برووسکە زیندوون

وەرن کلیلی دەرگای باخم

لێ وەرگرن گلۆپی تێدا دەپشکوێ (ڕەنجدەر،٢٠٢٠،ل٩)

شاعیر لەباری خەونێکیدا، داوا دەکات لەکاتی مردنیدا ببیەنە دێیەکەی خۆی، پێی وایە ئازیزانێک لەوێن، هەنووکە لە بیری)من(ی شاعیردا هۆشیارن، شاعیر بیری بیرەوەرییەکانی خۆی دەکات، کە لەژێر هەر دارێکدا قسەی کردبێت، یان شیعری خوێندبێتەوە، ئەوا لە ڕیکۆردەری قەڵەمتۆزەکاندا تۆمارکراون. شاعیر داوا دەکات تا نەمردووە و کۆچ و بار نەبووە، کلیلی باخی لێ وەربگرن، باخ لێرەدا بە مەبەستی بەرهەمە ئەدەبییەکانییەتی، کە وەک بەرهەمێکی ئەدەبی لێی وەربگیرێت، چونکە پێی وایە ڕۆشناییەکی گەورەی هەیە و ئاسۆی فیکری هەمووان ڕۆشن دەکاتەوە. شاعیری نۆستالیژی «لەنێو ڕابردوودا هەست بە خۆشی دەکات و شانازی بە ژیانی ڕابردووی دەکات، هەمیشە بیر لە پیری و مردن دەکاتەوە.» (عەبدوڵلا،٢٠١٩، ٦٥). ڕابردوو جوانترین دونیای شاعیری نۆستالیژییە، چونکە بەهرە شیعرییەکانی لە ڕابردووەوە چەکەرە دەکەن و دەبنە پەیامی شیعری، پیری و هەڵکشان بەنێو تەمەن و مردن بەشێکی ترن لە پەیامی شاعیری نۆستالژی.

١-٧ سیاسی:

دەقی ئەدەبیی سیاسی، فۆرم و ناوەڕۆکی جیاوازی هەیە، چونکە گۆڕانکارییە سیاسی و هەڵوێستە سیاسییەکان بە پێی قەبارە و فۆرمی ئەدەبی ئەو سەردەمە گوزارشتی لە کایە سیاسی و هەڵوێستەکان کردووە. لە شیعری نوێدا بە جۆرێکی تر ئاماژە خرایە سەر پەیامی سیاسی، بەو واتایەی نابێ ئەدەب لە ڕەوتی فۆرمی خۆی داماڵرێت تا ئاستی ڕووتبوونەوە بۆ سادەیی، بەڵکوو ئەدەب دەبێت ئەو ڕوئیا سیاسییە وا بخاتەڕوو، کە زمانی دەق ئاڵۆز و هێمایی بێت. «نابێ شیعر قەناعەتی خۆی لە بەرامبەر هیچ سەردەمێکدا بدۆڕێنێت و جیهانەکەی ڕادەست بکات، بەڵکوو ئەم فاسیلەیەی نێوان خۆی و سەردەمەکەی زەقتر بکاتەوە و بە هەڵواسراوی نەیهێڵێتەوە.» (عەلی،٢٠١٧، ١٥١) شیعر شانۆی نمایشی ڕووداوەکانە، بۆیە دەبێت بە زمانی ئەو سەردەمە بەرامبەر بە ڕووی ئاڵۆزی سیاسی و نامۆییەکانی کۆمەڵگەی سیاسی دەق بونیاد بنرێت.

دەقی ئەدەبی کە زۆر بابەتی جیاواز لەخۆیدا هەڵدەگرێت و پەیامی لە هوموو بابەتەکان دەخاتە ڕوو، ڕەهەندی سیاسیش وەک هەر یەکێک لە ڕەهەندەکان هەڵگری ئامانج و پەیامی خۆیەتی، ئامانج لە ئەدەبی سیاسی دەرخستنی گۆشەیەکی هەستیارە لەنێو پرۆسەی نیشتمانی و باسەکانی نەتەوایەتی، چونکە شاعیر هەوڵ دەدات لە ڕێگەی فیکر و قەڵەمەکەیەوە تاوی پرۆسەی سیاسی بدات، لە پیناو سەرخستنی پرۆژە هاوبەشە نیشتمانییەکان، لەلایەکی تر هەوڵ دەدات بۆشاییە سیاسییەکان لە نێو دەقدا بخاتەڕوو، شاعیر دەڵێت:

نارنجێک بووم

باران لە دار بەریدامەوە ناو چاڵی گوللەیەک

چێڵێکی عۆل و حەپۆڵ دەمخوات (ڕەنجدەر،٢٠٢٠،ل٥)

شاعیر بە دەربڕینی ئاماژەیی باس لە واقیعی سیاسی دەکات، کە بووەتە مایەی ترس و ناخۆشی بۆ تەواوی سێکتەرەکانی ژیان. شاعیر باس لە سەرەتای لە دایکبوونی مرۆڤی کوردی دەکات، باران ئاماژەیە بۆ پاکی، بەڵام کاتێک مرۆڤی کوردی، کە لە دایک دەبێت ڕێک بەسەر جەنگ و نەهامەتییەکانی سیاسی نەخوازراو چاوی دەکاتەوە، دواجار باس لە سەرکردەکانی کورد دەکات، وەک مانگایەکی گێل و قەڵەو ناویان دەهێنێت، ئەو سەرکردانە لە سیاسەتی خۆ خزمەتکردن، زیاتر هیچی تر نەبوون. ئەم پەیامە شیعرییە تەنزئامێزە. چونکە شاعیر دەیەوێت بڵێت: مرۆڤ بوونەوەرێکی پاکە، سەرەتایەکی بێ خەوشی هەیە، دوای گەورەبوون و گەیشتنی تەمەن بە قۆناغی بیرکردنەوە و تێگەیشتن، بەسەر نەهامەتی و قوڵایی ئازارەکان دادێت، دەکەوێتە ناو کێشە و ڕووداوی ناخۆشەوە، کە وەک چاڵێک وایە پڕ بێت لە گوللە و پروشمی هەموو ئازارەکانی بەرکەوێت.

١-٨ ئەفسانەیی:

ئەفسـانە بیـری مرۆڤـە سـەرەتاییەکانە، ئـەو سـەرەتاییانەی مـرۆڤ هیـچ شـتێکی بـۆ لێکنەدەدرایـەوە، ناچـار پەنـای دەبـردە بـەر خەیـاڵات و لێکدانـەوەی نیوەچڵـی بـۆ شـتەکان دەکـرد. واتـە بەدیـار گـەردوون و ڕووداوە سروشـتییەکان دەسـتکورت و نامـۆ بـوو. ئەفسـانە «جـۆرە ئەدەبێکـە هەنـدێ لـە دەسـتوور و نەریـت و بیـر و بـاوەڕی ئایینـی گەلـە کۆنەکانـی گێتـی دەردەبردرێـت، کـە ئێسـتا ئـەم جـۆرە داب و نەریت و دەسـتوورە نەمـاون و، تەنیـا بـە شـێوەی گێڕانـەوە و دەربرینـی ئەفسـانەیی بۆمـان ماونەتـەوە.» (شـارەزا، ٢٠٠٥، ٧) لـە ئەدەبـی هاوچەرخـدا شـاعیران پەنایـان وەبـەر ئەفسـانە دایـەوە، بـۆ مەبەسـتە شیعرییەکانیان، شـاعیرانی کـۆن زیاتـر بـۆ مەبەسـتی ڕەوانبێـژی وەک خواسـتن و لێکچوواندن ئەفسانەیان بەکارهێنـاوە، بـەڵام لە شیعری هاوچەرخدا بـۆ دوو مەبەسـت ئەفسانەیان خسـتووەتە نێـو دەقەکانیانـەوە، یەکەمیـان: بـۆ جوانـکاری بـووە، دووەمیـان: بـۆ ئـەو پانتاییـە بـووە، کـە ببێتـە ململانێـی فیکـری سیاسـی و لا کردنـەوەی هێـزەکان لەنێـوان شـەڕ و خێـردا.

ئەفسـانە لـە دەقـی هاوچەرخـدا هـاوکارە بـۆ تێگەیشـتن و کردنـەوەی ئـەو کۆدانـەی بەسـەر واتـای پەیامـدا کلۆمـدراون، یـان پێوەرێکـی ئەدەبییـە بـۆ لێکدانـەوەی ئـەو نەهامەتـی و شـوومانەی ڕوودەدەن. شـاعیر دەڵێـت:

ئەنگوستیلەی حیکمەتیش

لە پەنجەم بەخەبەرە و دەڵیت:

ئەمشەو بەیان زوو دێ و زیاتر لە جارێک بسووتێ

دەڵێـی یەکەمجـارە ژیـان چەتـرم لەسـەر هەڵـدەدا

(ڕەنجـدەر، ٢٠٢٠، ل٤)

(ئەنگوسـتیلەی حیکمەتیـش) ئاماژەیـە بـۆ ئـەو نقێمـە ئەفسانەییەی، کـە بـاوەڕە ئەفسانەییەکە وایـە لـە هەمـوو شـتێک ئـاگادارت دەکاتـەوە، بـە تایبەتـی لێکدانـەوە و هەواڵـی ڕوونـت پـێ دەگەیەنێـت و بەرچاوڕوونیـت پێـدەدات بـۆ داهاتـوو. شـاعیر لـەم وێنـە ئەفسـانەییەوە دەیەوێـت بڵێـت، کـە مـن هێشـتان ئومێـدم وەبەرماوە و داهاتوویەکـی ڕۆشـن چاوەڕێـم دەکات، بوونی ڕەهەندی ئەفسـانەیی لـە دەقـدا، پێشخسـتنی پرۆسـەیەکی تەکنیکییـە، وەک هـەر تەکنیکێکـی تـر، بوونـی ئاماژەکانـی وەک توانـای مـرۆڤ بـۆ کاری چـاک و بیـری چـاک و دنیابینـی جـوان، گوزارشـتە بـۆ بوونـی ئایینـدەیەکـی ڕۆشـن و کۆمەڵگەیەکـی تەندروسـت.

١-٩ گەشەسەندن:

گەشەسـەندن، تیۆرییەکـی دیـارە لـە بـواری زیندەوەرزانـی (علـوم الاحیـاء-biology)، ئەمـە پەیوەنـدی بـە گەشەسـەندنی هەمـوو زیندەوەرانـەوە هەیـە. بایۆلۆجـی زانسـتێکی سروشـتییە کـە پەیوەنـدی بـە لێکۆڵینـەوە لـە ژیـان و زینـدەوەرە زیندووەکانـەوە هەیـە، لەوانـە پێکهاتـە و ئـەرک و گەشـەکردن و دابەشـبوون و پۆلێنکردنیـان. بایۆلۆجیـای مۆدێـرن بوارێکـی فراوانـە، کـە لـە چەندیـن لـق و پسـپۆری لاوەکـی پێکهاتـووە، بـەڵام هەندێـک چەمکـی گشـتی یەکگرتـوو لەخۆدەگرێـت، کـە لقـە جیاوازەکانـی بەیەکـەوە دەبەسـتنەوە و هەمـوو لێکۆڵینـەوەکان لەسـەری بنیـات نـراون. «لـە بایۆلۆجیـدا بـە گشـتی خانـە وەک یەکـە بنەڕەتییەکـەی ژیـان و جیـن وەک یەکـەی بنەڕەتـی بۆماوەیـی و پەرەسـەندن وەک بزوێنەرێـک سـەیر دەکرێـت کـە جـۆری نـوێ دروسـت دەکات. هەروەهـا لـە بایۆلۆجـی ئەمـڕۆدا تێدەگەیـن کـە هەمـوو زینـدەوەرە زینـدووەکان بـە بەکارهێنـان و گۆڕینـی وزە، هەروەهـا بـە ڕێکخسـتنی ژینگـەی نـاوەوە بـۆ پاراسـتنی دۆخێکـی جێگیـر و زینـدوو دەژیـن. شـاعیر لـەم دەقەیـدا بـاس لـە گەشەسـەندن و بەردەوامـی مـرۆڤ دەکات ».(علـم الاحیـاء)

بۆنی هێلکەی ڕووخۆشی ناو هێلانە

دەکەم و ختووکەی تروکانی دەدەم

باڵندە لە واتا ڕووت نابێتەوە و دەکەوێتە باڵەپرژێ

سـوپاس بـۆ خـوا کەروێشـک گۆشـتخۆر نەبـوو

(ڕەنجـدەر، ٢٠٢٠، ل ٧)

شـاعیر لـە ڕێگـەی زمانـی هێمـاوە، بـاس لـە بەردەوامـی ژیـان دەکات، هێلکـەی ڕووخـۆش، کـە وێنەیەکـی بەکەسـکردنی لەسـەر بونیـاد نـراوە، جیایـە لـە بۆنـی هێلکـەی خراپبـوو، کـە هیـچ وەچەیـەک نانێتـەوە، ئـەم دەقـە گوزارشـت لـە ئایندەیەکـی جـوان دەکات، کـە پێـی وایـە دەسـتەیەکی هۆشـیار و زانـا هـەن و ژیـان یەکجـار بەمشـێوەیە نییـە لێـی نائومێـد بیـن. کەروێشـک نموونەیەکـی زینـدووی نێـو گیانەوەرانـە، بـە ئاژەڵێکـی دەروون پـاک و جـوان ناسـراوە، گوزارشـتە لـەوەی کـە چینێکیـش لـە مـرۆڤ هەیـە سادسـتی نییـە و جێـگای ئومێـدە بـۆ بەردەوامییەکانـی ژیـان و کولتـووری جوانـی مرۆڤایەتـی.

تەوەری دووەم

١-٢ پەیامەکان لە ڕووی بەرژەوەندییەوە:

بەرژەوەنـدی لـە ئەدەبـدا ناخرێتـە سـەر خوێندنـەوە بـۆ نووسـەر، بەڵکـوو دەکەوێتـە سـەر پەیامـی دەق، کەواتـە هیـچ منداڵێـک لـە منداڵدانیـدا غەریزەکانـی خێـر و شـەڕی بەسـەردا یەکلایـی نەبووەتـەوە، بەڵکـوو ئـەوە مرۆڤەکانـن لـە قۆنـاغ و گەشـەی جیاوازیانـدا بەسـەر ئـەم دوو پەیامـەدا دابـەش دەبـن و بڕیـاری لێدەدەن. نووسـەرانیش لـە دەقەکانیانـدا بـە شـێوازی جیـا هەڵگـری پەیامـن، کاتێـک دەق ئامـادە دەبێـت، شـاعیر، یـان نووسـەر زۆر بـە لاوازی دەخوێنرێتـەوە، قسـە دەکەوێتـە سـەر پەیامـی دەق، بۆیـە دەبـێ بەرژەوەنـدی لـە پێنـاوی زۆرینەدابێـت. لـە بەرژەوەندیـدا «بەختـەوەری بەجۆرێـک سـەیر دەکـەن، کـە بەختـەوەری گشـتییە و دەبێـت سـەرتاپای کۆمەڵـگـە بگرێتـەوە. جێرمـی بنتـام دەڵێـت: گەورەتریـن بەختـەوەری بـۆ زۆرتریـن ڕێژەیـە.» (شـێخ محەمـەد،٢٠١٢، ١٢٦) بەختـەوەری بابەتێکـی مەعنـەوی بەهێـزە، گشـت بـوار و باسـەکانی ژیـان دەگرێتـەوە، دەکـرێ نەتەوەیەکـی بەختـەوەر بـن، دەکـرێ تاکێکـی هۆشـیار و ئاسـوودە بـن، دەکـرێ کۆمەڵگەیەکـی سـەرکەوتوو و خـاوەن ژیـار و شارسـتانییەکی بەهێـز بـن. ئەگـەر ئەمانـە و ڕووی تـری زینـدووی بـاش و چاکەخـوازی لەنێـو دەقـدا بـەدی نەکـرا، ئیـتر زیانـی «گـەورە بـە تـاک و بـە نەتـەوەش، بـە ئێسـتا و بـە ئاییندەشـی دەگەیـنـن.» (عەبدوڵـڵا،٢٠٢٠، ٥١). پەیامـی دەق دەبـێ ببێتـە هـۆکاری هۆشـیاری و ڕاسـتەڕێکردنی تـاک بـۆ گەیشـتن بـە ژیـار و شارسـتانیەتێکی بەهێـز. ڕەنجـدەر لـەم دەقەیـدا زۆر قەرەباڵـغە، بـەڵام لـە ڕووی فیکریـیـەوە ڕەتکردنـەوەی نییـە، بەڵکـوو بـە پێچەوانەشـەوە، بەوپـەڕی بـاوەڕەوە پەنـای بردۆتـە بـەر بیـری ئایینـی و وەک پرۆسـەیەکی تەندروسـت دەکاری بـردووە. دەتوانیـن لـە چەنـد خاڵێـکدا لایەنـە بەرژەوەندییـە بـەرز و لاوازەکانـی شـاعیر ڕوون بکەینـەوە، تەنانـەت لـە ڕووی کاریگەریشـەوە ئامـاژەی پـێ بدەیـن.

٢-٢ بەرژەوەندییە بەرزەکانی دەق:

شـاعیر دەڵێـت: (لا باڵێکـی مێـش لـە خۆشـاویان نقـوم دەکـەم..)، ئەماژەیـە بـۆ فەرموودەیەکـی پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەر بێـت) ئەمـە پشـت بەسـتن و ڕێزگرتنـە لـە ئاییـن، واتـە ئاییـن سـەرچاوەیەکی بەهێـزی بیـری شـیعرییە، لـە ڕووی بەرژەوەندییـەوە بـەرزە جونکـە خوێنـەر لـە چاکەخـوازی ئـەم ئاییـنـە وریـا دەکاتـەوە.

(ئەنگوسـتیلەی حیکمەتیـش... لـە پەنجـەم بەخەبـەرە و دەڵێـت... ئەمشـەو بەیـان زوو دێـت..)، ئـەم بۆچوونـە دەگەڕێتـەوە بـۆ بابەتێکـی ئەفسـانەیی، بـەڵام شـاعیر وەک پێوەرێکـی هۆشـیار و ئاگایـی بـەکاری هێنـاوە، پەیامـی ئـەم دەقـە ئومێـدە بەژیـان و بەردەوامـی، ژیـان زۆر جوانـە، دەبێـت لەسـەر کارە باشـەکانمان وریـا بیـن و بـەردەوام بیـن. کەواتـە بـەم دەقـە خوێنـەر بـۆ بەردەوامـی و ئومێـدی ژیـان هانـدەدات.

شـاعیر لـە ڕێگـەی ئـەم دەقەیـەوە (هەواڵـی بـای جەنگـی نـاو چیاکانـم پرسـی... بۆنـی پیـس و ناقۆڵای لوولـەی تفەنگـم بـۆ هـات..)، ئەمـە ئاماژەیەکـی واقیعییـە، پەیامـی ئـەم دەقـە ئەوەیـە، کـە دەبێـت لـە کاری خۆخـۆری و یەکـتر شـکاندن دوور کەوینـەوە، نابێـت تـا هەتایـە ئـەم دیاردەیـە بـۆ کۆمەڵگـەی کـوردی بـەردەوام بێـت.

(نارنجێک بووم

بـاران لـە دار بەریدامـەوە نـاو چاڵـی گوللەیـەک) ئـەم دەقـە ئاراسـتەمان دەکات بـۆ هۆشـیاری سیاسـی، پەیامەکـە ئەوەیـە دەبێـت بـە وریاییـەوە سەروسـەوادمان بخەینـە نێـو کاری سیاسـی و هەڵوێسـتە سیاسـییەکانەوە، واتـە نائومێـدی پێـوە دیـار نییـە، بەڵکـوو بەردەوامـی هەیـە لـە ژیانـدا.

(بۆنی هێلکەی ڕووخۆشی ناو هێلانە دەکەم و

ختووکـەی تروکانـی دەدەم) لـە بـواری پەرەسـەندن و گەشەسـەندنی ژیانـی ئادەمیـزاد و گاینەوەرانـی تـردا، ئومێـدی ئـەوە بـە خوێنەرەکانـی دەدات، مـادام ژیـان بەردەوامـە و گەمـە و گەمـەی ژیـاری و ئایدۆلۆژییەکانیـش خێـران و بەردەوامـن، پێویسـتە کۆمەڵگـەش بـە شـێوەیەکی ئاگایانـە لـە ژیـان بـەردەوام بێـت.

تەوەری سێیەم:

٣-١ جوانی هونەری لە شیعری (١٩٦٥\١١\١٨)دا:

جوانـــی پرۆســـەیەكی هەســـتییە، ســـەرەتا ئـــەم جوانییـــە لـــە سرووشـــتەوە دەگوازرێتـــەوە بـــۆ ڕەهەنـــدە فیكرییەكانـــی مـــرۆڤ، دواتـــر مـــرۆڤ بەهـــۆی لیكدانـــەوە و ئاڵۆگـــۆرە دركپێكراوەكانییـــەوە ئاســـتێكی دیكـــەی لـــە جوانـــی پـــێ دەبەخشـــێت، چەمكـــی ئـــەم جوانییـــەش «لـــە ئاكامـــی پەیوەنـــدی ئادەمیـــزاد لەگـــەڵ سروشـــتدا لـــە دایـــك دەبـــن، لـــە هونـــەردا ڕەنـــگ دەدەنـــەوە بـــە مانایەكـــی تـــر بڕیاردانـــی جوانـــی و دزێـــوی شـــتەكان دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ئادەمیـــزاد خـــۆی و جـــۆری هەڵســـوكەوت كردنـــی لەگـــەڵ بابەتەكـــە.» (میراودەلـی، ٢٠٠٥، ١٥)، گواسـتنەوەی جوانـی بـۆ نێـو هونـەر پرۆسـەیەكی دینامیكییـە لەنێـوان هەسـتكردن و خەیاڵەكانـدا، شـاعیر لەسـۆنگەی درككردنـی جوانـی و دنیابینـی خۆیـەوە بـۆ سروشـت و ڕووداوەكانـی ژیـان، دەگاتـە ئـەوەی بتوانێـت دەقـی جـوان پێشـكەش بـكات، بەمـەش ئاسـتی زمانـی ئەدەبـی و لایەنـە تەكنیكییـەكان ڕۆڵیـان دەبێـت لـە جـوان دەرخسـتنی دەقـە ئەدەبییەكـە.

٣-٢ مۆسیقای ناوەوە:

مۆسـیقای نـاوەوە ئـەو كێڵگـە پـڕ زاخەیـە، كـە «بـە هـۆی دووبـارە كردنـەوەی دەنـگ و وشـە و دەسـتەواژە و هونـەرە جوانكارییـەكان دروسـت دەكرێـت، ڕۆڵێكـی گرنـگ و بـێ وێنـەی لـە پێكهێنـان و ڕازاندنـەوەی شـیعریدا هەیـە.» (گـەردی، ٢٠١٨، ٢٠٩) مۆسـیقای نـاوەوەی شـیعر، كـە ترپـە (ڕیتـم)ی شـیعر پێكدێنێـت، لایەنێكـی گرنگـی شـیعرییە و هاوئاهەنـگ لەگـەڵ مۆسـیقای دەرەوەی شـیعردا، مۆسـیقای گشـتی پێكدێنـن. وردی لـە مۆسـیقای نـاوەوە، ناكەوێتـە قالبێكـی بـۆ داڕێـژراو، وەك مۆسـیقای دەرەوە، بەڵكـوو گۆڕانكارییەكانـی مۆسـیقای نـاوەوە دەكەوێتـە سـەر توانـای شـاعیر، لەكاتـی بونیـاد و هۆنینـەوەی دەقـدا، لەمەشـدا شـێوازی تایبـەت بـە شـاعیرەكە دەردەكەوێـت، چونكـە زمـان و مۆسـیقای نـاوەوە ئامـاژەن بـۆ بوونـی شـێوازی جیـا لەنێـو دەقەكانیانـدا، «مۆسـیقای نـاوەوەی شـیعر خـۆی لـە ڕێكخسـتنێكی ورد و جوانـی وشـەكانی نـاو دێـڕە شـیعر و پـاش و پێـش كردنیـان و دووبـارە كردنەوەیـان دەدردەخـات.» (مسـتەفا، ٢٠٠٩، ١٣٠)، بەمـەش ئـاواز و سـەمایەكی گرنـگ بـە وشـەكان و تـەواوی دەقەكـە دەبەخشـێت، زۆر جـاری وا هەیـە لـە مۆسـیقای دەرەوەی شـیعر بەهێزتـر دەردەكەوێـت.

بـۆ كاركـردن لـە مۆسـیقای نـاوەوە ئامـاژە دەخەینـە سـەر بوونـی چەنـد هونەرێكـی وەك هـەواڵ، كـە هونەرێكـی واتاییـە و لەگـەڵ هـەردوو هونـەری دژیـەك و ڕەگـەزدۆزی، كـە لایەنـی جوانكارییـن لـە زانسـتی ڕەوانبێژیـدا، لەگـەڵ بوونـی دوو تـەوەری تـر لـە مۆسـیقای نـاوەوەی دەقەكـەدا، یەكەمیـان: ئـاوازی بەرجەسـتە بوونـی ئامـرازی (و)، كـە بریتییـە لـە كـرداری دووبارەبوونـەوەی دەنـگ و ئامـرازەكان، دووەمیـان: ئـەو ئـاواز و واتاییانـەی كـە ڕیتمـی پەیوەندیكـردن لەخـۆ دەگرێـت، واتـە گونجانێـك دەكەوێتـە نێـوان واتـاكان، بەمـەش ((ڕیتمێكـی ئەوتـۆ دروسـت دەبێـت، كـە هەڵگـری چەنـد تایبەتمەندییەكـی لێكچـوون، بەمـەش لەدایكبوونـی چەنـد بزاوتێكـی نوێـی جۆراوجـۆر دروسـت دەبێت))(ڕەئـوف، ٢٠٠٩، ١٠٦).

٣-٣ دژیەك:

دژیـەك ئـەو دیـاردە سروشـتیەیە، كـە دوو تـەن، یـان دیمـەن، یـان دوو شـتی واتایـی دژی یـەك بـن، زۆر جـار لەسـەر ئاسـتی مەعریفـی و تیۆریشـدا دژ دروسـت دەبێـت. لـە ئەدەبـدا دژیـەك هونەرێكـە بـۆ جوانـكاری ئەدەبەكـە پەیـڕەو دەكرێـت، ئـەم هونـەرە كاریگـەری دەبێـت بـۆ مۆسـیقای نـاوەوەی شـیعر، دژیـەك دوو جـۆری هەیـە، وەك:

دژیەكـی فەرهەنگـی: ئەمـە دوو وشـەی فەرهەنگـی دەگرێتـەوە كـە لـە بنەچـەدا دژی یەكـن.

ڕەش و سـپی ڕەنگـی تـەواون و لـە چاڵـی گوللەیـەك (ڕەنجـدەر،٢٠٢٠،ل٦) هـەردوو وشـەی (ڕەش، سـپی) دژیەكـی فەرهەنگیـن، ئاهەنگـی مۆسـیقای ناوەوەیـان ڕێكخسـتووە و خوێنـەر هەسـت بـە جۆرێـك ئارامـی دەكات.

دژیەكـی نافەرهەنگـی: ئـەم دژیەكـە بـە هـۆی ئامرازەكانـی نەرێـی وەك (نـە، نـا، مـە) دروسـت دەبێـت، وەك سـاز _ ناسـاز.

شـیعرەكانم دڵسـۆزمن و ژیانـی لـەوە باشـتر ناژیـن (ڕەنجـدەر،٢٠٢٠،ل٨)

هـەردوو وشـەی(ژیان، ناژیـن) دوو وشـەی نافەرهەنگیـن،

بە هۆی ئامرازی نەرێی (نا) وشەی دژیەکی نەرێی دروستکردووە. ئەمەش کاریگەری هەیە بۆ ڕێکخستنی ئاهەنگی مۆسیقی ناوەوەی دەقەکە.

٣-٤ دووبارەکردنەوە:

دووبارەکردنەوە بریتییە لە چەندین جار دووبارەکردنەوە، شاعیر هەوڵدەدات هونەری دووبارەکردنەوە ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی بتوانێت ناوەوەی شیعر لەڕووی ترپەکانی مۆسیقاوە ڕێکبخات، خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەیاندا هەست بە ئاهەنگێکی مۆسیقی خۆش دەکات و چێژی لێ دەبینێت، لە مۆسیقای ناوەوەدا دووبارەکردنەوە بەپێی بنیاتی دەقەکە دەردەکەوێت، دەشێ هەموو جۆرەکانی دووبارەکردنەوە دەربکەوێت، دەشێت چەند دانەیەکیان دەربکەوێت، لەم دەقەی بەردەستمان دوو جۆری دووبارەکردنەوەی دەنگی و وشەیی بەرجەستە بووە.

٣-٤-ا دووبارەکردنەوەی دەنگی:

دووبارەکردنەوە بریتییە لە چەندین جار دووبارەکردنەوەی دەنگی، شاعیر هەوڵدەدات بە پێی پێویستی شیعری، دووبارە کردنەوەی دەنگی ئەنجام بدات، بۆ ئەوەی مۆسیقای ناوەوەی شیعر ڕێکخراو و جوان بێت.

ڕازی کەروێشکێکم نەشکاندووە

مێشێکیشم لەکەدار نەکردووە

قاچێکم لە ڕۆخی کەوتنە خوارەوە داکەوتووە (ڕەنجدەر،٢٠٢٠،ل٤) پیتی (وو) کە بزوێنی گەورەیە سێجار دووبارە بووەتەوە، پیتی (م) دەنگی نەبزوێنە، سیجار دووبارە بووەتەوە. ئەم دووبارەبوونەوەیە ئاهەنگێکی مۆسیقی خۆشیان دروستکردووە و خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا هەست بە ئارامی دەکات و کاریگەری زمانی دەقەکە لەسەر خوێنەر دەردەکەوێت.

٣-٤-ب دووبارەکردنەوەی وشەیی:

بریتییە لەچەند جار دووبارەکردنەوەی وشەیەک لەنێو بەیتیک، یان کۆپلە شیعرێکدا، چونکە ((لە شوێنە جیا جیاکانی ڕستەدا، بایەخی ڕیتم و بەهای واتایی هەیە)) (گەردی، ٢٠١٨، ٢٢٣) ئەمەش پەیوەندی بە جوانکردن و ڕازاندنەوەی ناوەوەی دەقەکە هەیە، چونکە شاعیر دەیەوێت لەڕێگای ئاهەنگێکی ڕازاوەی مۆسیقییەوە پەیامی شیعری بە ئاسانی بگاتە خوێنەر.

بیرکردنەوە لەو ئازایانەی دەبنە سروشی پێشبینی

لە یەکەم ئومێددا گەشە دەکەن

لە دوا ئومێدیش دەمێننەوە (ڕەنجدەر،٢٠٢٠،ل٦)

وشەی (ئومێد) لەم کۆپلەیە دووجار هاتووە، واتە یەکجار دووبارە بووەتەوە، ئەم دووبارەکردنەوەیە کاریگەری دەخاتە سەر خوێنەر بۆ قووڵبوونەوە لە پەیامی دەقەکە، بۆ زوو گەیشتن بە مەبەستی پەیام و دەرچوون لەو گرێ شیعرییە، شاعیر دووبارەکردنەوەی وشەیی ئەنجام داوە، بەمەش ئاهەنگی مۆسیقییەکە دەبێتە هاوکار بۆ خوێنەری دەق.

٣-٥ڕەگەزدۆزی:

بریتییە لە بوونی دوو وشە، لەشێوەدا تەواو لەیەک بچن، یان کەمێک لە یەکتر جیابن، بەڵام لە واتادا سەربەست بن و هەریەکەیان مانای خۆی هەبێت، دوو جۆر ڕەگەزدۆزیمان هەیە.

٣-٥-ا ڕەگەزدۆزی تەواو:

«ئەو ڕەگەزدۆزییەیە، کە دوو وشەکانی لە ڕوواڵەتدا تەواو وەکو یەکبن، واتە دوو وشەکان لە ڕووی ژمارە و شێوە و جۆر و ڕیزبوونی پیتەکانیان وەکو یەکبن و هیچ جیاوازیەکیان لە نێواندا نەبێت لەڕووی واتاشەوە هەریەکە و واتای سەربەخۆی خۆیان هەبێت.» (مستەفا،٢٠١١، ٢٢٤). لەم دەقەی ئیشی لەسەردەکەین، هیچ نموونەیەکی ڕەگەزدۆزی تەواومان نەدۆزییەوە.

٣-٥-ب ڕەگەزدۆزی ناتەواو:

«ئەو ڕەگەزدۆزییەیە، کە دوو وشەکانی لە ڕوواڵەتدا تەواو وەکو یەک نین، واتە دوو وشەکانی لەڕووی ژمارەی پیتەکانیان، یان شێوەی پیتەکانیان، یان جۆری پیتەکانیان، یان ڕیزبوونی پیتەکانیان تەواو وەکو یەک نین و جیاوازییەکیان لەنێواندا هەیە، جا دەشێت جیاوازیەکە زۆر بێت، یان کەم بێت، بەڵام لە ماناداسەربەخۆن هەریەکەیان مانای جیاوازیان هەیە.» (مستەفا، ٢٠١١، ٢٣٢).

لاباڵێکی مێش لە خۆشاویان نقووم دەکەم

دەستم بە سینگەوە گرت و هەڵمبڕی و هەڵمدا

(ڕەنجـدەر،٢٠٢٠،ل٣)

هـەردوو وشـەی (هەڵمبڕی، هەڵمدا)رەگـەزدۆزی ناتـەواون، وشـەکان ژمارەی پیتەکانیـان جیـاوازن، هاوشـێوە دەنگییەکەیـان بریتییە لە(هەڵـم)، شـاعیر بـۆ ڕێکخسـتنی مۆسـیقای نـاوەوەی دەقەکــە ئــەم هونــەرەی ئەنجــام داوە، ئەگەرنــا دەیتوانــی ڕسـتەکە بـەم جـۆرە دابڕێژێـت (دەسـتم بـە سـینگەوە گـرت و هەڵمـدا).

٣-٦وێنەی ڕوونبێژی:

وێنـە پانتاییەکـی هونەرییـە لـە جیهانـی دەقـی ئەدەبیـدا، وێنــە زمانێکــی تایبەتــی دەقــی شــیعرییە، هەرکاتێــک بنەماکانــی وێنــە تینوتاوێکــی کاریگەرییــان دروســتکرد، بێگومـان شـیعری جـوان و کاریگـەر دەکەوێتـە بـەر دیـدی خوێنــەر، وێنــەی شــیعری «ســنووری شــتەکان دەبەزێنــێ و وا دەکات لـە دەمارەکانـی دەروونـدا هەوڵـی شـیعری لەدەسـت بەسـەراگرتنی ئـەو ڕاسـتییانەی، کـە لـە قووڵایـی دەروونـدا شـاردراوەتەوە بخاتـەڕوو.» (گـەردی، ٢٠٠٤، ٢٧) وێنـە شـانۆی دەرخســتنی ڕاســتی و واقیعییەکانــە، شــاعیر لەڕێگــەی وێنەکانـی شـیعرەوە دەتوانێـت بگاتـە ئاسـتی بـاڵای گەیشـتن بـە خەیـاڵ و پێشکەشـکردنی بیـری شـیعری. بنەماکانـی وێنـە کاریگەریـی تەواویـان هەیـە لـە دروسـتبوونی وێنـەی زینـدوو، بەمـەش وێنـەی جـودا لەنێـو دەقـدا بەرهـەم دەهێنرێـت. لـەم دەقـەی بەردەسـتمان هـەوڵ دەدەیـن چەنـد جۆرێـک وێنـەی شـیعری دیـاری بکەیـن.

٣-٦-١ لێکچوواندن:

«بریتییـە لـە چوواندنـی شـتێک بـە شـتێکی دیکـە، لەبـەر هەبوونـی سـیفەتێک، یـان زیاتـر لـە سـیفەتێکی هاوبـەش لەنێـوان هــەردوو شــتدا، ئەمــەش بــە زیاتــر لەشــێوازێک پێشـکەش دەکرێـت، هەیانـە ڕاسـتەوخۆ و بـێ بەکارهێنانـی ئــەوزار و ڕووی لێکچــوون، هەشــیانە بــە ســوود وەرگرتــن لــە ئــەوزار و ڕووی لێکچــوون، جــا لــە هەردووکیــان، یــان لــە یەکیــان.» (مســتەفا، ٢٠١١، ١١٨).

کورەی ئەتۆمیش

وەک دەمــی بوڕکانێکــی دامــرکاو دابخــەم (ڕەنجــدەر، ٢٠٢٠، ل٤)

ئـەم لێکچوواندنـە هەرچـوار بنەڕەتەکانـی لێکچوواندنـی لەخـۆدا هەڵگرتـووە.

(کـورەی ئەتـۆم: لێچـووە. وەک: ئـەوزارە. دەمـی بـوڕکان: لەوچـووە. دامـرکاو دابخـەم: ڕووی لێکچوونـە)

نارنجێک بووم

باران لە دار بەریدامەوە ناو چاڵی گوللەیەک

(ڕەنجـدەر، ٢٠٢٠،ل٥)

مـن کـە لـە ڕانـاوی (م) کۆتایـی وشـەی بـووم دەرکەوتـووە: لێچــووە، نارنــج: لەوچــووە، بەربوونــەوە: ڕووی لێکچــوون. لـەم نموونەیـەدا ئـەوزار دەرنەکەوتـووە، هیـچ لەنگییەکیشـی لــە مانــای ڕســتەکان دروســتنەکردووە، چونکــە بنەمایەکــی ســەرەکی نییــە لــە لێکچوواندنــدا.

دار قەڵەمتۆزەکان تەواو دەنگی منن

وەک برووسکە زیندوون ل٩٧

دەنگــی مــن: لێچــووە، وەک: ئــەوزارە، برووســکە: لەوچــووە، زینــدوو: ڕووی لێکچوونــە

٣-٦-ب خوازە:

«بریتییـە لـە بەکارهێنانـی وشـەیێک بـۆ بێجگـەی ئـەو واتـا فەرهەنگییـە دروسـتەی هەیەتـی، لەگـەڵ بوونـی قەرینەیێـک، زمانـی بێـت، یـان ژیـری و ڕێگـری بـکات، لـەوەی کـەوا ئـەم وشـەیە وەکـو دروسـت بەکارهێنرابێـت.» (مسـتەفا، ٢٠١١، ١٦٥)

لە ڕۆژی لە دایکبوونم کۆچ و بار بم

دارەبـازەی بۆنخۆشیشـم بەرزبکرێتـەوە نـاو ڕووناکییەکـی بەهێـز

ئەفســوونێک خەملێــوە میــوەکان کــۆ دەکەمــەوە (ڕەنجــدەر، ٢٠٢٠، ل٣)

ئەمـە وێنەیەکـی خوازەییـە، چونکـە هیـچ کەسـێک لـە کاتـی مردنـی خـۆی ئـاگادار نییـە، تـا بتوانێـت فریـای کـۆ کردنــەوەی بەرهــەم و کارەکانــی خــۆی بکەوێــت، قەرینــە شــتێکی ژیرییــە، چونکــە هیــچ دەلیلێــک نییــە بــۆ کاتــی مردنــی، شــاعیر لــە ڕیگــەی ئــەم وێنەیــەوە دەیەوێــت بڵێــت مــن خاوەنــی ڕەنــج و ســەرمایەیەکی دەوڵەمەنــدم دەتوانــن ســوودم لــێ ببینــن.

وەک دەبینیــن دارەبــازە، ئاماژەیــە بــۆ بوونــی مردووێــک، کاتێــک لەگــەڵ دارەبازەکــە باســی بۆنــی خــۆش و ڕووناکــی دەکات، نیشــانەیە بــۆ ڕەنــج و تەمەنێکــی دەوڵەمەنــد و

شکۆمەند. کەواتە دارەبازە قەرینەیە بۆ مردن، بۆنی خۆش و ڕووناکی قەرینەیە بۆ پاکی و شکۆمەندی مردووەکە.

٣-٦- ج خواستن:

بریتییە لە «بەکارهێنانی وشەیەک بۆ دەربڕینی مانایەکی تر، بێجگە لە مانای دروستی وشەکە بە مەرجێ پەیوەندی نێوان مانای دروست و مانای خوازەیی وشەکە وێکچوون بێ، ئەبێ نیشانەیەکیش هەبێ، کە ئێمە مەبەستمان لەم وشەیە مانا خواستراوەکەیە نەک مانا دروستەکە.» (مستەفا، ٢٠٠٩، ١٤٤)

لە پەلکی یەکەمدا

کە تەختەڕەشی ڕەوانبێژییە بنووسن ئاوێنە گەورەکە

لە پەلکی دووەمیشدا پەیکەری سەرکردە (ڕەنجدەر،٢٠٢٠،ل٥) تەختەڕەشی ڕەوانبێژی: لێخواستراوە، دونیا: بۆخواستراوە، ئاوێنە گەورەکە: نیشانەی خواستنە، پەیکەری سەرکردە: لێخواستراوە، کەسایەتی سیاسی:بۆخواستراوە.

کەواتە ئەو وێنەیەی کە دروستبووە، وێنەیەکی خواستراوە.

٣-٦- د درکە:

درکە باسنەکردنی بە ئاشکرایە و دەبێ لە مانای باسکراوەوە بۆ مانای مەبەست بچێ، درکە ئەوەیە «مانایەک لە ماناکان بسەلمێنێت، بەڵام ناوی ناهێنێت، بەو وشەی، کە لە زمان بۆی دانراوە، بەڵکوو مانایەک دێنێتەوە، کە دوایی و پاشکۆیەتی لەبووندا دەیهێنێتەوە و دەیکا بە دەلیلێک بۆی.» (گەردی، ٢٠٠٤، ٢٤٢).

ئەگەر پەنجەم لەسەر کاغەز

ڕاوی لە گۆمی لێڵ کرد

لێ دەگەڕێم مشکی دز بیخوا (ڕەنجدەر،٢٠٢٠، ل٧)

(ڕاوی لە گۆمی لێڵ کرد) درکەیە، بەو مەبەستە دێت ئەگەر خراپی نووسی و بەرهەمی جوانی پێشکەش نەکرد، یان بەرهەمێکی خراپی هەبوو. (مشکی دز بیخوات) وەسفە بۆ ئاییندەیەکی ناخۆش و قاتی، واتە ئەمەش درکەیە.

ئەنجام:

بیری سەرەکی ئەم دەقە، هەڵکشان و داکشانە لەنێوان دوو دیمەنی واتایی ژیان و مردن، شاعیر داوای مردن دەکات لە باری دەروونێکی ناجێگیردا، دواتر لە هۆشیاریدا درێژە بە پەیامەکانی دەدات پێی وایە هێشتان ژیان وەبەری ماوە.

مۆسیقای ناوەوە بە هۆی ئامرازی (و)ی پێکبەستن (٣٢) جار دووبارە بووەتەوە، ئەمە تەنها هەنگاوی بەرچاوە لەم دەقەدا، کە مۆسیقای ناوەوەی جوانکردووە.

وێنەی لێکچوواندن بنیاتێکی باشی ئەم شیعرەی پێکهێناوە، واتە لەهەموو ئەو وێنانەی، کە تێیدا بەرجەستە بوون زۆرترە.

سەرچاوەکان:

به زمانی کوردی:

حسێن. جەبار ئەحمەدر، ٢٠٠٨، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عیراق (١٩٥٠- ١٩٧٠)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

ڕەنجدەر. سەباح٢٠٢٠، سەرەتا وشەبوو، شیعر، چاپخانەی تاران، تاران.

ڕەئوف. لوقمان٢٠٠٩، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

شارەزا. کەریم ٢٠٠٥، ئەفسانە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر

شێخ محەمەد. سەنگەر قادر ٢٠١٢، فەلسەفەی شیعر و شیعری فەلسەفی بە نموونەی شیعرەکانی ڕەفیق سابیر و کەریم دەشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

عیسا. هاوژین سڵێوە ٢٠٠٩، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەس دا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

عەبدوڵڵا. سۆران مامەند ٢٠١٦، نۆستالژیا لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بە نموونەی شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو، ئەنوەر قادر محەمەد، سەباح ڕەنجدەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

عەبدوڵڵا. عەبدولموتەڵیب٢٠١٩، شیعری نوێی کوردی دوای ڕاپەڕین، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

عەبدوڵڵا. ئیدریس٢٠١٢، جوانکاریی شیعری کلاسیکی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

عەبدوڵڵا. ئیدریس٢٠٢٠، دەقناسی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم،

چاپخانەی تەفسیر، هەولێر.
عەلی. پشتیوان ٢٠١٧، سەردەمی نەهامەتی و پاشەکشەی شیعر لای بەرۆژ ئاکرەیی، گ: شیعر، (١٥١- ١٧٦).
کەریم. فەرهاد قادر ٢٠١٢، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی (حەمدی)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
گەردی. ژوان عەبدولسەلام عەزیز ٢٠١٨، شێواز لە شیعرەکانی کامەران موکری لە ژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی (فیلۆلۆجی لیۆ شپیتزەر)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
گەردی. سەردار ئەحمەد حەسەن ٢٠٠٤، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا(١٩٧٠-١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
مستەفا. ئاسۆ عومەر ٢٠٠٩، بەها ئیستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد، شێخ نووری شێخ ساڵح و گۆران، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
مستەفا. ئیدریس عەبدوڵڵا٢٠١١، لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٠٧)، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
میراودەلی. کەمال٢٠٠٥، فەلسەفەی جوانی و هونەر-ئیستاتیکا، چاپی دووەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع.
بەزمانی عەرەبی:
اطيمش. محسين١٩٨٢، دير الملاك دراسة نقدية للظواهر الفنيه فى الشعر العراقي المعاصر، منشورات وزارة الثقافة والاعلام، الطبعة الاول، بغداد.
لینکە ئەلکترۆنییەکان:
١٨- حسن. ابراهيم. مصطفى٢٠٢٠، الداء والدواء فى جناحي الزباب
١٩- لەتیف. حسێن. ٢٠٢٠، بۆ عیرفانی بخوێنینەوە https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=٣٠٧٩٢ ٢٠٢١f/١/٧:
٢٠- عەلی. ئیدریس ٢٠٢٠، دەمەتەقێیەکی سەرپێیانە لەگەڵ شاعیری کۆچکردوو (عیرفان ئەحمەد) https://sardem.org/?p=٣٣٨٢. f: ٢٠٢١/١/٧
٢١ علم الأحياء
Wikipedia
https://ar.wikipedia.org › wiki › ع...

## ملخص

يحمـل هـذا البحـث عنـوان (الرسـالة والتقنيـة في شـعر صبـاح ڕنجـدر (١٩٦٥/١١/١٨)). وفي هـذا النـص الشـعري تتمتـع الرسـالة بجوهـر بعـدي بـين قضايـا مختلفـة كالاجتماعيـة والسياسـية والدينيـة وعلميـا، والهـدف الشـعري كرسـالة، العمـل عـلى تقنيـة القصيـدة، العمـل عـلى بعـض الجوانـب الفنيـة وصـور شرح وتحليـل النصـوص، هـذا البحـث لـه معنـى واسـع كل هـذه التقلبـات التـي يمـر بهـا المؤلـف تقـع في الحالـة الذهنيـة التـي تطـرح الفكـرة في النهايـة بشـكل مختلـف البعـد كـما نـرى فـإن الشـاعر يطالـب بالمـوت بـين المفهومـين الدلاليـين للمـوت والحيـاة بينـما المؤلـف في حالـة نفسـية غـير مسـتقرة ثـم يتحـدث عـن الحيـاة وأهميتهـا وجمالهـا ويـرى أن الحيـاة تسـتحق المحاولـة يكـون أفضـل وأجمـل، ويتـم التعبـير عـن هـذا التعبـير والنقـل في حالـة ذهنيـة مسـتقرة وراسـخة.

## Abstract

This research is entitled (Message and Technique in Sabah Ranjdar's Poetry (1965/11/18). In this poetic text, the message has a dimensional essence among different issues such as social, political and religious Scientifically, the poetic purpose as a message, working on the technique of the poem, working on some technical aspects and images of explanation and analysis of texts, this research has a broad meaning All these ups and downs of the author fall into the mental state, which finally presents the idea in a different dimension. As we see, the poet demands death between the two semantic concepts of death and life, while the author is in an unstable mental state He then talks about life, the importance and beauty of life. He believes that life is worth trying to be better and more beautiful. This expression and transmission is expressed in a stable and established state of mind.